https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2251.10

e-ISSN (2617-0752)   p-ISSN (2617-0744)

# ڕۆڵی ئایکۆنسازی لە ڕیزبوونی پاڕستەی ئاوەڵکاری لە زمانی کوردیدا

پ. ی. د. دلێر صادق کانبی
زانکۆی سۆران-فاکەڵتی ئاداب
Diler.kaneby@soran.edu.iq

شکری احمد محمد
زانکۆی سۆران-فاکەڵتی پەروەردە
Shukri.Mohamad@soran.ed

**پوختە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی ڕیزبوونی پاڕستەی ئاوەڵکاری لە زمانی کوردیدا، و دەستنیشانکردنی شوێنی سەرەکیی ئەم جۆرە پاڕستەیە بە سوودوەرگرتن لە (هۆکاری ئایکۆنسازی) لە ڕوانگەی ئەرکی-تایپۆلۆژییەوە، کە لەپێش شاڕستەوە دێت، یان لەدوای شاڕستەوە دێت.

پاڕستە ئاوەڵکارییەکان ئەو لاڕستانەن، کە لە ڕستە ئاڵۆزەکاندا دەردەکەون و وەسفی بەشێکی شاڕستە یان گشت شاڕستەکە دەکەن. ئەم جۆرە پاڕستەیە لە زمانی کوردیدا بەسەر چەند جۆرێک دابەشدەبێت، وەک پاڕستەی ئاوەڵکاری (کاتی، شوێنی، هۆیی، مەرجی، ئامانج، ئەنجام، پێوانە و پێچەوانە)، کە دەتوانن لەپێش و لەدوای شاڕستەوە بێن. بۆ دەستنیشانکردنی شوێنی سەرەکیی جۆرەکانی پاڕستەی ئاوەڵکاری لە ڕوانگەی ئەرکی-تایپۆلۆژییەوە سوود لە هەندێک هۆکار وەرگیراوە، کە یەکێک لە هۆکارەکان (هۆکاری ئایکۆنسازی)یە. بەپێی بۆچوونەکانی (دیزڵ: ٢٠٠٥، ٢٠٠٨، ٢٠١١) هۆکاری ئایکۆنسازی ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لە ڕیزبوون و دەستنیشانکردنی هەندێک لە جۆرەکانی پاڕستەی ئاوەڵکاری وەکو پاڕستەی (کاتی، شوێنی، مەرجی، ئامانج و ئەنجام).

هۆکاری ئایکۆنسازی، ڕیزبوونی ڕووداوەکانی دەرەوەی زمانە، کە لەناو زمانیشدا دەبێت بەهەمان شێوە ڕیز ببن. واتە لە دەرەوەی زمان ڕووداوەکە چۆن ڕوویدابێت، دەبێت لەناو زمانیشدا بە هەمان شێوە ڕەنگبداتەوە. ئەگەر لە دەرەوەی زمان ڕووداوی پاڕستەی ئاوەڵکاری لەپێش شاڕستەوە ڕوویدابێت، لەناو زمانیشدا دەبێت بە هەمان شێوە ڕەنگبداتەوە. واتە پاڕستەی ئاوەڵکاری بەپێش شاڕستە بکەوێت.

سەرەتا هەوڵدراوە باس لە چەمک، ناساندن و جۆرەکانی ئایکۆنسازی بکرێت، دواتر باس لە ڕۆڵی ئەم هۆکارە کراوە لەسەر ڕیزبوونی جۆرەکانی پاڕستەی ئاوەڵکاری لە زمانی کوردیدا.

**وشە کلیلییەکان:** ئایکۆن، هێما، هۆکاری ئایکۆنسازی، پاڕستەی ئاوەڵکاری، ئایکۆنسازیی ڕیزبوون، ڕیزبوونی پاڕستەی ئاوەڵکاری.

## ڕۆڵی ئایکۆنسازی لە ڕیزبوونی پاڕستەی ئاوەڵکاری لە زمانی کوردیدا

### ١. پێشەکی:

لێکۆڵینەوەکە لە ژێر ناونیشانی (ڕۆڵی ئایکۆنسازی لە ڕیزبوونی پاڕستەی ئاوەڵکاری لە زمانی کوردیدا)یە. هەوڵێکە بۆ نیشاندانی ڕیزبوونی پاڕستەی ئاوەڵکاری بە سوودوەرگرتن لە هۆکاری ئایکۆنسازی لە زمانی کوردیدا. مەبەستمان لە ڕیزبوونی پاڕستەی ئاوەڵکاری خودی پاڕستەکەیە نەک کەرەستەکانی پاڕستەکە، واتە لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا، پاڕستەی ئاوەڵکاری وەک یەکەیەکی سەربەخۆ سەیردەکرێت.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، بە پشتبەستن بە داتا و ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر ڕیزبوونی پاڕستەی ئاوەڵکاری، هەوڵدەدرێت وەڵامی ئەم پرسیارەی خوارەوە بدرێتەوە:

- ئایا ڕیزبوونی هەریەکە لە جۆرەکانی پاڕستەی ئاوەڵکاری لە زمانی کوردیدا بەپێی هۆکاری ئایکۆنسازی چۆنە؟

گرنگیی ئەم لێکۆڵینەوەیە لـە چەند خاڵێکدا خۆی دەبینێتەوە:

١- لێکۆڵینەوە لەم دیاردەیە لە ڕوانگەیەکی نوێی زمانەوانی (لایەنی کەم بۆ زمانی کوردی) ئەویش لە ڕوانگەی ئەرکی-تایپۆلۆژیەوە بۆچوونێکی نوێ و جیاواز لە بۆچوونەکانی پێشوو دەخاتەڕوو.

٢- لێکدانەوەی هۆکاری ئایکۆنسازی بۆ ئەم جۆرە ڕیزبوونە لە ڕوانگەی لێکدانەوە ئەرکی-تایپۆلۆژیەکانەوە، هەم لێکدانەوەی زمانی و هەم لێکدانەوەی نازمانیش لەخۆدەگرێت.

٣- ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە هەم لە ڕوانگەی ڕیزبوونی کەرەستەکانەوە و هەم لێکدانەوەی ئەرکی- تایپۆلۆژیەکانیش، دەتوانرێت ببێت بە دەستپێکێک بۆ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی ڕیزبوونی کەرەستەکانی دیکە لە زمانی کوردیدا.

ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین بە زمانی کوردی تاکو ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆ لەبارەی ڕیزبوونی پاڕستەی ئاوەڵکاری لە زمانی کوردیدا لایەنی کەم لە ڕوانگەی زمانەوانی ئەرکی-تایپۆلۆژیەوە بە سوودوەرگرتن لە هۆکاری ئایکۆنسازی ئەنجامنەرداوە، جگە لەمەش هۆکاری ئایکۆنسازی بۆ ئەم جۆرە ڕیزبوونە هیچ کارێکی ئەوتۆی لەبارەوە نەکراوە، ئەمەش بۆتە هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە و ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی وەسفی شیکاری پەیڕەو کراوە. بەگشتی سنووری لێکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەی ڕستەسازیدایە و بە شێوەیەکی وردتریش دەچێتە چوارچێوەی ڕیزبوونی پاڕستەی ئاوەڵکاری و جۆرەکانی لە زمانی کوردیدا.

لێکۆڵینەوەکە پشت بە قوتابخانەی ئەرکی-تایپۆلۆژی دەبەستێت، هەم بۆ ڕیزبوونی پاڕستەی ئاوەڵکاری و هەم بۆ لێکدانەوە ئەرکی-تایپۆلۆجیەکانیش، لە نێو بۆچوونە ئەرکی-تایپۆلۆجیەکانیش پشت بە بۆچوونەکانی (هۆلگر دیزڵ) لە ساڵەکانی (٢٠٠٥، ٢٠٠٨، ٢٠١١) دەبەستێت.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا کۆمەڵگای نموونەکەمان کۆرپەسێکی زمانییە، کە لە زانکۆی (کوردستان) لە ئێران بە ناونیشانی ( UOK Kurdish Corpus) ئامادەکراوە و بڵاوکراوەتەوە، کە پەیجی تایبەت بەخۆی هەیە بە ناونیشانی (Kurdish-Corpus.uok.ac.ir)، و کارەکەیان لە بواری سینتاکسدایە. لەم پرۆژەیەدا بۆ کۆکردنەوەی داتا یارمەتی لە ماڵپەڕە هەواڵییە کوردییەکان وەرگیراوە. پرۆژەی کۆرپەسی کوردی (٦٩٠٠٠) هەزار دەق لەخۆدەگرێت لە هەواڵی جۆراوجۆر، کۆمەڵی نموونەکەمان بریتییە لە هەموو ئەو پاڕستە ئاوەڵکارییانەی لەم کۆرپەسەدا هەن، کە لە (٢٩٨٥٨) پاڕستە پێکهاتووە. لە کۆی ئەم نموونانە (٣٠٠١) پاڕستە بەپێی بنەمای ناهەڕەمەکی وەرگیراون، کە بۆ پاڕستەی کاتی (٢١٣)، پاڕستەی شوێنی (٢١)، پاڕستەی هۆیی (٩٩١)، پاڕستەی مەرجی (٥١٧)، پاڕستەی ئامانج (٨٢٥)، پاڕستەی ئەنجام (٢٢٠)، پاڕستەی پێوانە (٢٣) و پاڕستەی پێچەوانە (١٩١) نموونە وەرگیراون.

توێژەران بۆ وەرگرتنی نموونە، شێوازی نموونەی ناهەڕەمەکی مەبەستدار-پشکیان بەکارهێناوە. کە ڕێژەی هەریەک لە پاڕستەکان بەم شێوەیەیە، پاڕستەی کاتی (٧٪)، پاڕستەی شوێنی (١٪)، پاڕستەی هۆیی (٣٣٪)، پاڕستەی مەرجی (١٧٪)، پاڕستەی ئامانج (٢٨٪)، پاڕستەی ئەنجام (٧٪)، پاڕستەی پێوانە (١٪) و پاڕستەی پێچەوانە (٦٪).

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە دەستنیشانکردنی ڕیزبوونی پاڕستە ئاوەڵکارییە جیاجیاکان لە زمانی کوردیدا، و لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەی

ڕۆڵی هۆکاری ئایکۆنسازی لەسەر ڕیزبوونی پاڕستەی ئاوەڵکاری لە زمانی کوردیدا.

لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی، ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لە دوو بەش پێکدێت. بەشی یەکەم: بەشێکی تیۆرییە لە چەند تەوەرەیەک پێکهاتووە: وەکو چەمکی ئایکۆنسازی، ناساندنی ئایکۆنسازی، ڕۆڵی ئایکۆنسازی لە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا و جۆرەکانی ئایکۆنسازی. بەشی دووەم: بەشێکی پراکتیکییە و ڕۆڵی هۆکاری ئایکۆنسازی دەخاتە ڕوو لەسەر ڕیزبوون و دەستنیشانکردنی شوێنی سەرەکیی جۆرەکانی پاڕستەی ئاوەڵکاری، لەسەر داتای دەستنیشانکراو و لە شیکردنەوەی داتاکاندا سوود لە بەرنامەی (SPSS) وەرگیراوە.

## ٢. بەشی یەکەم: ئایکۆن و ئایکۆنسازی (Icon and Iconicity):

بەر لە دەستکردن بە نیشاندانی ڕۆڵ و کاریگەریی هۆکاری ئایکۆنسازی لەسەر ڕیزبوونی پاڕستەی ئاوەڵکاری، دەبێت باسێک لەوە بکرێت کە ئەم هۆکارە کەی؟ چۆن و بۆچی سەریهەڵداوە؟ هەربۆیە سەرەتا باسێک لەبارەی سەرهەڵدان، ناساندن و جۆرەکانی ئایکۆنسازی دەخەینەڕوو.

### ١.٢ ناساندنی ئایکۆن (Icon definition):

درەوشانەوەی ڕۆڵی ئایکۆنسازی لەم ساڵانەی دواییدا گەشەی بەخۆیە بینیوە، کە ئەمەش بەهۆی درەوشانەوەی نەخشە و وێنەکانەوە بووە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندیی دیجیتاڵ و زانست. بەهۆی ئەوەی ئایکۆنسازی لە ئایکۆنەوە سەریهەڵداوە، پێویستە بەرلەوەی باس لە ڕۆڵی ئایکۆنسازی لە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا بکرێت، ناساندنێک بۆ زاراوەی (ئایکۆن) بکرێت. ئایکۆن خۆی لە ڕۆڵی ئەو هێما بۆکراوەدا

دەبینێتەوە، کە (سۆسێر) ئاماژەی پێکردووە لە جیهانی ڕاستەقینەدا، وەکو هێماکانی هاتووچۆ، وێنەی سەر ناسنامەی باری شارستانی، هێمای نۆڕینگەکان و ...هتد. بۆیە ئایکۆن بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت، "(Icon) جۆرێک لە نیشانەیە کە ئاماژە بە تەنێک [شتێک] دەکات، کە تەنیا لە ڕێگای تایبەتمەندییەکانی خۆیەوە ئاماژەی پێ دەکرێت کە خاوەنیەتی" (Peirce, 1932: 143 وەرگیراوە لە Marcus: 2010). هەروەها (محمد راسخ مهند) بەم شێوەیە پێناسەی بۆ دەکات "هێمایەکە پەیوەندی لێکچووی بەو چەمکەوە هەیە، کە لەلایەن کەسی بەرانبەر ئاماژەی بۆ کراوە" (مهند، ١٣٨٦: ٨٥).

## ٢.٢ چەمکی ئایکۆنسازی (Iconicity concept):

هەر لە سەرەتای ساڵی ١٨٦٨ (چارلس پێرس) جیاوازی لە نێوان دوو جۆری بنەڕەتی هێما کرد، کە ئەوانیش تەن و ئایکۆن بوون. هەروەها کۆدی ئەو هێمایانەی کە بەردەوام بەکاردەهێنرێن وەکو ئاڵاکانی دەریاوانی، ژمارەی عەرەبی و هێمای جوڵاو (وەکو هێمای "ok" دەستی) لەخۆدەگرێت. بەم پێیە هەموو فۆڕمەکانی هێما لەسەر بنەمای پەیوەندیی بەئارەزوو لە نێوان تەن و ئایکۆندا بنیاتنراوە (Giardino, 2015: 2). بۆ نموونە هێمای (درەخت) لە زمانی کوردیدا پەیوەندیدارە بە چەمکی درەختەوە، بەڵام پەیوەندییەکە بەئارەزووە، چونکە هێمای (دار)یش بە هەمان شێوە خزمەت دەکات. بە پێچەوانەوە "ئایکۆن بریتییە لە وێنەی کێشراو، وێنە، نەخشە، هێڵکاری و هێما جوڵاوەکان" (هەمان سەرچاوەی پێشوو: هەمان لاپەڕە). تایبەتمەندیی ئەم جۆرە هێمایە (ئایکۆن) پەیوەندییەکی سروشتی و بە خورتیی نێوان تەن و ئایکۆنە، و زۆرجار بە پەیوەندیی (لێکچوون) وەسفدەکرێت. "هەریەکە لە (پێرس: ١٨٦٨) و (فێردیناند دی سۆسێر: ١٩٢٢) زانستی گشتیی هێما، ئایکۆن و فۆڕمەکانی تریان بە خەیاڵدا هاتووە" (هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٢). بەڵام لە

سەدەی بیستەمدا بەهۆی پێشکەوتنی لۆژیک، زمانەوانی و زانستی کۆمپیوتەر بووە هۆی پێشکەوتنی هێما، کەچی ئایکۆن بە پەراوێزخراوی مایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە نیشانە ئایکۆنییەکان ڕۆڵی سەرەکییان لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هەبووە. بۆ نموونە (سۆسێر) لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (کۆرسێ لە زمانەوانیی گشتی) باس لە هێما زمانەوانییەکان دەکات، کە نیشانەی [....] هێمایەکی زمانی بە ئارەزووە ( Marcus, 2010: 20). بۆیە هەر ئامراز و هێمایەکی دەربڕین کە لە کۆمەڵگادا بەکاردێت، لە بنەڕەتدا لە ڕەفتارەکانی ئەو کۆمەڵگایە سەرچاوە دەگرێت. زۆرجار وا ڕێکدەکەوێت کە زمانێک بە تەواوی بە ڕێگای ئایکۆنی دروستکرابێت وەکو، ئەو زمانەی (هانس فرۆیدتاڵ) لە ساڵی ١٩٦٠ دایهێنا، کە مەبەست لێی پەیوەندیکردن بوو بە بوونەوەرە زیندوەکانی بۆشاییی ئاسمان، کە پێی وایە مێتازمانییە (هەمان سەرچاوەی پێشوو: هەمان لاپەڕە).

زاراوەی ئایکۆنسازی لە (ئایکۆن)ـەوە وەرگیراوە، کە لە ساڵی ١٩٦٥ (ڕۆمان یاکۆبسن) بیرۆکەی ئایکۆنسازی ناساند و بەم شێوەیە بوو بە پێشەنگی ئەم بوارە. واتە "(یاکۆبسن) یەکێکە لەو کەسە یەکەمانەی، کە گفتوگۆی ئایکۆنسازی بە ئیلهام وەرگرتن لە بۆچوونەکانی (پێرس) هێنایە ناو زمانەوانی بە تایبەتی بۆ بواری ڕێزمان و سینتاکس" (مهند، ١٣٨٦: ٨٥). بەم شێوەیە سەرلەنوێ لە سینتاکسدا بایەخدرا بە ئایکۆنسازی، لەگەڵ لێکۆڵینەوە گرنگەکانی وەکو (چاڤی: ١٩٧٠، بۆلینگەر: ١٩٧٧، هایمەن: ١٩٨٠- ١٩٨٣- ١٩٨٥، هاپڕ و تۆم: ١٩٨٠- ١٩٨٤، سلۆبین: ١٩٨٥، گیڤۆن: ١٩٧٩- ١٩٨٩). کەواتە بە نزیکەیی لە مەیدانی زمانەوانیدا ٦٠ ساڵ تێپەڕیوە بەسەر ناساندنی ئایکۆنسازی، هێشتا ئەم بیرۆکەیە گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت، بەڵگەی دیار و ڕوون بۆ ئەم ڕاستییە ئەوەیە کە گفتوگۆی توند لەنێوان هەندێک زمانەوانی دیاری سەردەم وەکو (هاسپڵماس، کرۆفت، گیڤۆن و هایمەن)دا دەکرێت، لەبارەی ڕۆڵ و

کاریگەریی ئایکۆنسازی لە سینتاکسدا، لە ڕاستیدا "گەڕانەوە بۆ ئایکۆنسازی لە ڕستەسازیدا، دەگەڕێتەوە بۆ ڕەخنە بەناوبانگەکەی (چۆمسکی) سەبارەت بە لەخۆوەبوونی زمانی مرۆڤ، و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و گفتوگۆکان تیۆری ئایکۆنسازی لەلایەن (گیڤۆن و هایمەن)ـەوە گەشەی پێدرا، کە بەشداربوو و لێکۆڵەری دیاربوون بۆ پێشکەوتنی ئەم بوارە لە زماندا" (Marcus, 2010: 23).

بیرۆکەی ئایکۆنسازی گفتوگۆیەکی نوێی لە تیۆری زمانەوانیدا دروستکرد، و بەهۆی گرنگیەکەیەوە هەوڵدراوە لە هەموو فۆڕمەکانی زماندا پەرەی پێبدرێت. ئەمەش وا دەکات، کە تێگەیشتنی باشترمان هەبێت سەبارەت بەوەی کە زمان چۆن بنیاتدەنرێت و لە هەمان کاتدا "تێگەیشتنی قوڵترمان پێدەدات بۆ ئامراز و میتۆدی بەکارهاتوو لەلایەن شاعیران و نووسەرانەوە" (Fischer, 2002: 1). لە ئایکۆنسازیدا بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی هێما و نیشانەکان، پێویستە ئەو هێما و نیشانانە بگوازرێنەوە بۆ مێشک و لەوێدا شیکردنەوەی بۆ بکرێت. واتە هێماکە لە جیهانی دەرەوەی زماندا لە ڕێگای بینینەوە دەگوازرێنەوە بۆ مێشک و "پێی دەگوترێت ڕێگای بینین-ئایکۆن، ئەم جۆرە ئایکۆنە لە تۆڕێکی وەک چاوەوە دەست پێدەکات و دەگوازرێتەوە بۆ مێشک و شیدەکرێتەوە" (Givón, 1985: 204). هەربۆیە پەیوەندییەکی ئایکۆنی لە نێوان هێما و هێمابۆکراودا هەیە، بەپێی بۆچوونی (بۆلینگەر: ١٩٧٧) دۆخی سروشتیی زمان ئەوەیە کە یەک فۆڕم بۆ یەک واتا بەکاربهێنرێت و یەک واتاش بۆ یەک فۆڕم. بەڵام (هایمەن: ١٩٨٥) ئەم بیرۆکەیەی (بۆلینگەر) تاڕادەیەک بە نادروست دادەنێت، چونکە لە زماندا هەم فرەواتایی و هەم هاوبێژی هەیە. بە شێوەیەکی سەرەکی بنەمای ئایکۆنسازی ئەوەیە، کە بەکارهێنەرانی زمان دەتوانن سنوورەکانی سینتاکس بە شێوەیەکی داهێنەرانە بەکاربهێنن، بۆئەوەی پێویستییەکانیان لە بەکارهێنانی زمان بەدەستبێنن. لەم بارەیەوە (فیشەر و نانی: ١٩٩٩) ئاماژە بەوە دەکەن، "کاتێک

بەکارهێنەرانی زمان وزە و داهێنانیان لە بارودۆخە جیاوازەکاندا دەخەنە گەڕ وەک دروستکردنی دەقە ئەدەبییەکان، بەدەستهێنانی زمان لای منداڵ و ئاخاوتنی ڕەمەکی، بە سەختی دەکەونە نێو ئایکۆنسازییەوە" (Hampe, 2003: 243). بۆیە هەر کاتێک پێویست بوو بەکارهێنەرانی زمان بۆ دەربڕینی ڕای خۆیان، هەوڵدەدەن داهێنەر بن و حەز بە بەکارهێنان و فراوانکردنی یاساکانی زمانیان دەکەن. بەم شێوەیە بنەمای ئایکۆنسازی لەسەر ئەو گریمانەیە بنیاتنراوە، کە فۆڕم یان پێکهاتەی زمانەوانی بە شێوەیەک لە شێوەکان نوێنەرایەتیی پێکهاتەی چەمک دەکات. بە واتایەکی تر "ئایکۆنسازی، پەیوەندییەکی ئایکۆنی لەنێوان پێکهاتەی واتایی و چەمکی زمان لەلایەک و پێکهاتەی ڕێزمانی لەلایەکی تر دەردەخات. بەپێی ئەم بنەمایەی پەیوەندیکردن تا پێکهاتەی واتایی و چەمکی ئاڵۆزتربێت، پێکهاتەی ڕێزمانیش ئاڵۆزتر دەبێت" (پورگلاب، ١٣٩٣: ٥٣). بۆ نموونە لە زمانەکانی جیهاندا فۆڕمی ناوە تاکەکان بۆ کۆ دەگۆڕێت لە ڕێگای زیادکردن یان گۆڕین، بۆیە واتای فۆڕمی ناوە کۆیەکان لە فۆڕمی ناوە تاکەکان ئاڵۆزترە.

### ٣.٢ جۆرەکانی ئایکۆنسازی (Iconicity types):

ئایکۆنسازی دابەش دەبێت بۆ چەند جۆرێکی سەرەکی، کە ڕۆڵیان لە سینتاکس و مۆرفۆلۆژیدا هەیە. واتە لە مۆرفۆلۆژیدا دەستنیشانی چۆنیەتیی ئاڵۆزی فۆڕم و ڕیزبوونی مۆڕفیمەکان نیشاندەدات و لە ڕستەسازیشدا ڕیزبوونی توخم و پێکهاتەکانی ڕستە و نزیکی و دووریی فۆڕم نیشاندەدات، وەکو لە خوارەوەدا خراوەتەڕوو. بەم شێوەیە زمانەوانان چەند جۆرێکیان بۆ ئایکۆنسازی دەستنیشانکردووە. وەکو (گانتر ڕۆدینبێرگ) باس لەوە دەکات "(گیڤۆن: ١٩٨٤، ١٩٩٠، ١٩٩١) سێ جۆری بۆ ئایکۆنسازی دەستنیشانکردوون، کە بریتین لە (ئایکۆنسازیی ڕیزبوون، ئایکۆنسازیی ئاڵۆزی و ئایکۆنسازیی دووری)" (Rohdenburg,

263 :2002). بەڵام (محمد راسخ مهند) بە ئیلهام وەرگرتن لە (پێرس) چوار جۆری ئایکۆنسازی دەستنیشاندەکات، کە بریتین لە "ئایکۆنسازیی دووری، ئایکۆنسازیی نزیکی، ئایکۆنسازیی ئاڵۆزی و ئایکۆنسازیی ڕیزبوون" (مهند، ١٣٨٦: ٨٥). لەخوارەوە بە کورتی لەبارەی هەریەک لەم جۆرانەی ئایکۆنسازی دەدوێین:

### ١.٣.٢ ئایکۆنسازیی دووری (Distance iconicity):

بریتییە لە دووریی زمانیی نێوان فۆڕمەکان لەگەڵ دووریی چەمک. واتە لە ئایکۆنسازیی دووریدا تا توخمەکان لە ڕووی واتاوە لە یەکتر دوورتر بن، لەڕووی فۆڕمیشەوە لەیەکتر دوورتر دەبن. بۆ نموونە (خانووەکەی من) بەهۆی ئەوەی (خانوو) پەیوەندییەکی نزیکی واتایی بە مرۆڤەوە نییە، بۆیە جێناوەکان ڕاستەوخۆ ناچنە سەری و لێی دوور دەکەونەوە. لەبەرئەوەشە لە کاتی ناساندنی ئەم جۆرەی ئایکۆنسازی هەست بەم دیاردەیە دەکرێت. وەک:

- "دووریی نێوان دەربڕینە زمانەوانییەکان لەوانەیە ئاماژەیەکی هاندەری ئایکۆنی بێت بۆ ڕووداوی چەمک لەنێوان زاراوەکان یان ڕووداوەکان" (Haiman, 2010: 781). (هایمەن) بۆ ئەم مەبەستە یاسایەکی داناوە، کە لەو شوێنەی X و A و Y مۆڕفیم بن، مەودای نێوان X و Y زۆرتر دەبێت، کاتێک A دەچێتە نێوانیانەوە بۆ نموونە:

X#A#Y

X#Y

X+Y

١-أ- خانوو هکەی ئازاد.

Y X

ب- خانووە گەورە کەی ئازاد.

Y A X

- دوو توخم لە بەرانبەر یەکتردا تا واتاکەیان لەیەکتر دوورتر بێت، لەلایەنی فۆڕمیشەوە لەیەکتر دوورتر دەبن (Marcus, 2010:24).

- "دووریی فۆڕمی نێوان توخمە زمانییەکان لە ڕستە یان دەقدا، ئەنجامی دووریی چەمکی نێوانیانە" (مهند، ١٣٨٦: ٨٦).

٢.٣.٢ ئایکۆنسازیی نزیکی (Contiguity iconicity):

مەبەست لێی ئەوەیە، کە ئەو توخمانەی لە ڕووی واتاوە لێک نزیکن لەڕووی فۆڕمیشەوە لێک نزیکن. بۆیە ئەو واتایانەی زیاتر پێکەوە گرێدراون و لێک نزیکن، بە فۆڕمی زیاتر لەیەک نزیک و لەگەڵ یەک گونجاو دەردەبڕێن. بە واتایەکی تر ئەو فۆڕمانەی بە شێوەیەکی واتایی تایبەتن بەیەک و لەیەکەوە نزیکن، لەتەنیشت یەکتریەوە دەردەکەون. بۆ نموونە جێناوە لکاوەکان زیاتر لەگەڵ ئەو وشانە بەکاردێن، کە پەیوەندیی واتایی نزیکیان بەیەکەوە هەیە. وەک (پەنجەم دێشێت.) لەم ڕستەیەدا جێناوی لکاو ڕاستەوخۆ چووەتە سەر وشەی (پەنجە)، چونکە پەیوەندییەکی واتایی نزیکی بە جەستەی مرۆڤەوە هەیە. لە پێناسەکانی خوارەوەدا ئەم جۆرەی ئایکۆنسازی زیاتر ڕوون دەبێتەوە. وەک:

- ئەو واتایانەی کە پێکەوە بەستراون و لێک نزیکن، بە فۆڕمی زۆر لەیەک نزیک و گونجاو دەردەبڕێن (Haspelmath, 2008: 1).

- "ئەو توخمانەی لەلایەنی واتا و چەمکەوە لە یەکەوە نزیکن، لە ئاستی کۆدکردنیشدا لەیەکەوە نزیک دەبن" (Marcus, 2010: 24).

- "تا توخمەکان لە ڕووی واتاوە لەیەکەوە نزیک بن، لە ڕووی فۆڕمیشەوە لە یەکتر نزیک دەبن" (کانبی، وانەکانی مەستەر: ٢٠٢٠/٦/٨).

### ٣.٣.٢ ئایکۆنسازیی ئاڵۆزی (Complexity iconicity):

ئەم جۆرەی ئایکۆنسازی زۆرجار پێی دەگوترێت نیشانەکردن. مەبەست لێی واتا زۆر ئاڵۆزەکان بە فۆڕمی ئاڵۆزتر دەردەبڕێن، چونکە واتا و زانیاری چەند گەورەتر و ئاڵۆزتر بێت، فۆڕمیش گەورەتر و ئاڵۆزتر دەبێت. بۆ نموونە لە زمانی کوردی و زۆربەی زمانەکانی تردا واتای (کۆ) زیاترە لە واتای (تاک)، بۆیە فۆڕمی (کۆ) گەورەترە لە فۆڕمی (تاک). کە سەیری ناساندنەکانی خوارەوە دەکەین ئاماژە بەم دیاردەیە دەدەن. وەک:

- "نوێنەرایەتیی واتایی نیشانەیەک چەند ئاڵۆز بێت، نوێنەرایەتیی فۆنۆلۆژیشی ئاڵۆزتر دەبێت" (Haspelmath, 2008: 3).

- "بڕێکی گەورە لە واتا و زانیاری کۆدێکی گەورەتری پێ دەدەرێت" (Marcus, 2010: 24). بۆ نموونە:

← ٢- دار　　دار+ەک+ان= دارەکان

← ژن　　ژن+ەک+ان= ژنەکان

### ٤.٣.٢ ئایکۆنسازیی ڕیزبوون (Sequence iconicity):

بریتییە لە ڕیزبوونی زنجیرەیی گرێ و ڕستە، کە ڕیزبوونی لە دوای یەک وادەکات، لەگەڵ ڕیزبوونی کاتی ڕووداودا یەک بگرێتەوە. واتە "ڕیزبوونی فۆڕمەکان لەگەڵ ڕیزبوونی ئەزموون هەمان شتە لە زماندا" (Haspelmath, 2008: 1). بۆیە ڕیزبوونی ڕستەکان بە بنەمای ڕیزبوونی کاتەوە بەندە، بە واتایەکی تر ڕیزبوونی کاتی ڕووداوەکان لە دەرەوەی زماندا، دەبێت هاوتابێت لەگەڵ ڕیزبوونی ڕووداوەکان لەناو زماندا. واتە ئایکۆنسازیی ڕیزبوون "ڕیزبوونی کاتی ڕووداوەکانە لە جیهانی دەرەوەدا و ڕەنگدانەوەی بەهەمان شێوەیە لەناو زماندا کە ڕیزبوونی ڕستەکان یان کەرەستەکانە" (Markus, 2010: 24).

### ٤.٢ ڕۆڵی ئایکۆنسای لە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا:

ئایکۆنسازی ڕۆڵێکی گرینگ و بەرچاو دەگێڕێت لە زماندا، کە ڕۆڵ دەبینێت لە چۆنیەتیی نیشاندانی ئاڵۆزی فۆڕم و دووری و نزیکیی فۆڕم. بەمەش کاریگەرییەکی زۆر دەخاتە سەر ڕیزبوون و گونجانی توخمەکان لە ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا. وەک:

### ٢.١.٤ ڕۆڵی ئایکۆنسازی لە مۆرفۆلۆژیدا ( Iconicity role in morphology):

ئایکۆنسازی لە مۆرفۆلۆژیدا زیاتر پەیوەندیی ئاڵۆزی فۆڕم نیشاندەدات، واتە تا چەمک ئاڵۆزتر بێت فۆڕمیش ئاڵۆزتر دەبێت. "نموونەی ئایکۆنسازی لە مۆڕفۆلۆژیدا شێوەی نیشانەی ئاوەڵناوی پلەی چەسپیو، بەراورد و باڵایە لە زمانە جیاجیاکاندا، کە ئەمە لە زماندا باوترین نموونەی ئایکۆنسازییە" (کانبی، وانەکانی ماستەر: ٢٠٢٠/٦/٨). بۆ نموونە ئاوەڵناوی (جوان) چەمکێکە لە پلەی چەسپیو، کە بەکاردێت بۆ

پێدانی سیفەتێک بە گرێیەکی ناوی وەک (ئەم گوڵە جوانە)، بەڵام کە دەیکەین بە پلەی بەراورد سیفەتەکە دەخەینە پاڵ ناوێکی تر وەک (ئەم گوڵە لەو گوڵە جوانترە) لێرەدا فۆڕمەکە ئاڵۆزتر بووە، بۆیە ئایکۆنێکمان خستوەتە سەری کە (تر)ـە و کردوویەتی بە (جوانتر). یان کە دەیکەن بە پلەی باڵا وەک (ئەم گوڵە لەهەموو گوڵەکان جوانترە) لەنێو هەموو تەنەکاندا یەکێکیان هەڵدەبژێرین و سیفەتەکەی پێ دەدەین، بەم شێوەیە چەمکەکە ئاڵۆزتر دەبێت، بۆیە دەبێت فۆڕمەکەش ئاڵۆزتربێت. کەواتە بە زیادکردنی چەمک بۆ بواری ئاوەڵناو لە چەسپیوەوە بۆ بەراورد و باڵا لەڕووی مۆڕفۆلۆژیەوە چەندێتیی نیشانەش زیاتر دەبێت، کە ئاوەڵناوی پلەی چەسپیو نیشانەی نییە، پلەی بەراورد نیشانەی (تر) و پلەی باڵا نیشانەی (ترین) وەردەگرێت. ئەمەش بەو مانایە دێت، کە هەر وشەیەک چەند واتای زیاتر لەخۆبگرێت، فۆڕمەکەشی زیاتر ئاڵۆز دەبێت. واتە "چەند واتا زیاتر بێت، بۆ دەربڕینیش فۆڕمەکەش ئاڵۆزتر دەبێت" (Haspelmath, 2008: 1). بۆیە ئایکۆنسازی لە مۆرفۆلۆژیدا پەیوەندیی ئاڵۆزی فۆڕم و چۆنیەتیی ڕیزبوونی ئەو مۆڕفیمانە نیشاندەدات، کە ئاڵۆزییەکە دروستدەکەن.

### ٢.٤.٢ ڕۆڵی ئایکۆنسازی لە سینتاکسدا (Iconicity role in syntax):


ئایکۆنسازی لە ڕستەسازیدا خۆی لە پەیوەندیی نزیکی و دووریی فۆڕمیدا دەبینێتەوە (کانبی، وانەکانی ماستەر: ٢٠٢٠/٦/٨). بۆ نموونە لە ڕستەیەکی هۆیی وەکو (دارا پەنجەرەکەی شکاند.)، کە بەراوردی دەکەین لەگەڵ ڕستەیەکی تری وەکو (دارا بووە هۆی ئەوەی، کە پەنجەرەکە بشکێت.) لە ڕستەی یەکەم کاریگەریی (دارا) زیاترە، چونکە ڕاستەوخۆ (پەنجەرەکە)ی شکاندووە، بەڵام لە ڕستەی دووەم شکاندنەکە بە ئەنقەست نەبووە. وەکو دەبینرێت کاریگەریی (دارا) لەسەر (پەنجەرەکە) لە ڕستەی یەکەمدا زیاترە وەک لە ڕستەی دووەم، هەرئەمەش وای کردووە

له ڕووی نزیکی و دووریی فۆڕمیەوە (دارا) لە ڕستەی یەکەم لە (پەنجەرەکە) نزیکتر بێ و لە ڕستەی دووەم دوورتر بێ. بۆیە "ئایکۆنسازی زۆر جار وەک هۆیەک سەیردەکرێت، کە ئەمەش بە زۆری پشت بە واتا دەبەستێت" (Haiman, 2010: 783). زۆر جار سوود لە ئایکۆنسازی وەردەگیرێت بۆ زاڵ بوون بەسەر ناهاوتایی کاتدا و دەرخستنی هەمانکاتی لە نێوان دوو ڕستەدا، لەم بارەیەوە (هایمەن) بۆچوونی وایە کە "پێش ئەوەی باس لە هاوسێیەتیی فۆڕمی بکرێت، پێویستە پێناسەیەک بۆ هاوسێیەتیی چەمک دابمەزرێنرێت، بۆ نموونە ئەمەش کاتێک ڕوودەدات، کە دوو توخمی (A و B) هاوتان لەگەڵ یەکتر بۆ پەیوەندی (r) وەک (A rB و Br A)" (Haiman, 1985: 73). بۆ نموونە لە هەردوو ڕستەی (٣)دا هاوتاییی چەمک و کات هەیە:

٣-أ- ئازاد و نەوزاد لە یەکتریان دا.

ب- نازدار و نەسرین ڕۆیشتن.

لە ڕستەی (٣أ)دا پەیوەندییەکە (لەیەکتری دانە) و لە ڕستەی (٣ب)دا (ڕۆیشتن)ە، ئەگەر بگوترایە (ئازاد لە نەوزادی دا و نەوزاد لە ئازادی دا)، (نازدار ڕۆیشت و نەسرین ڕۆشت) هەر دروست بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی ڕووداوەکان هەڵگری هەمان پەیوەندین لە کاتێکی دیاریکراودا، بۆئەوەی زاڵ بین بەسەر ناهاوتاییی کاتدا کراون بە یەک ڕستە. چونکە (هایمەن) بۆچوونی وایە، ئەگەر هەردوو ڕستەکە لە ڕستەیەکی لێکدراودا دەرببڕێن، ئەوا ڕووداوێکیان پێش ڕووداوەکەی تر دەکەوێت. واتە "بەم شێوەیە هاندانی ئایکۆنسازی بەرز دەبێتەوە و ڕووداوی یەکەم پێش ڕووداوی دووەم دەکەوێت" (هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٧٥). بۆیە بە یەک ڕستەی تێکەڵکراوی هەمان کاتی دەربڕاون. وەکو لە شێوەی ژمارە (١) لە خوارەودا دیارە:




شێوەی (١) ڕستەی تێکەڵکراوی هەمانکاتی

**٣. بەشی دووەم: ڕۆڵی ئایکۆنسازی لە ڕیزبوونی پاڕستەی ئاوەڵکاریدا:**

هۆکاری ئایکۆنسازی ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە ڕیزبوونی پاڕستەی ئاوەڵکاریدا، بۆ ئەمەش دەگەڕێینەوە سەر (ئایکۆنسازیی ڕیزبوون)، کە یەکێکە لە جۆرەکانی ئایکۆنسازیی و لەسەرەوە باسی لێوەکراوە. گونجانی ڕیزبوونی پاڕستەی ئاوەڵکاری و دەستنیشانکردنی شوێنی سەرەکی لە ڕێگای ئەم جۆرەی ئایکۆنسازی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ئایکۆنسازیی ڕیزبوون جەخت لە ڕیزبوونی ڕووداوەکان دەکاتەوە لە جیهانی دەرەوەی زمان و بەهەمان شێوە ڕەنگدانەوەی لەناو زماندا. بۆیە بەهیچ شێوەیەک پشت بە نیشانەکردن نابەستێت. بە واتایەکی تر، لە ئایکۆنسازیی ڕیزبووندا کە جەخت لەسەر ڕووداو دەکرێتەوە، بە تایبەتی ڕووداوی دەرەوەی زمان، و پشت بە نیشانەکردن نابەسترێت، بەڵکو پشت بە کاتی ڕوودانی ڕووداوەکان دەبەسترێت. واتە "ئەو ڕووداوانەی کە زیاتر بە شێوەیەکی خۆرسک ڕوودەدەن، پەیوەست دەبێت بە کلێشەی چەمکی، کە ئەمەش بە شێوەیەکی پێکهاتەی بێنیشانە دەردەبڕێت" (Haspelmath, 2008: 5). (دیزڵ: ٢٠٠٥، ٢٠٠٨، ٢٠١١) باسی لە ڕۆڵی ئایکۆنسازی کردووە لەسەر ڕیزبوونی پاڕستە ئاوەڵکارییەکان، بۆ ئەمەش ئایکۆنسازیی ڕیزبوونی هەڵبژاردووە و دەڵێت: "یەکێک لەو

هۆکارانەی کاریگەریی لەسەر ڕیزبوونی پارستە هەیە ئایکۆنسازیی ڕیزبوونە، کە ئاماژە بە ڕیزبوونی زنجیرەیی توخمە زمانییەکان و ڕووداو دەکات لە ڕستە ئاڵۆزەکاندا" (Diessel, 2008: 468). ئەمەش ئەو مانایە دەگەیەنێت، کە ڕیزبوونی پارستەی ئاوەڵکاری بەپێی بنەمای ئایکۆنسازیی ڕیزبوون بریتییە لەو ڕووداوەی لە دەرەوەی زمان ڕوویداوە، کە کاتی ڕووداو لە دەرەوەی زمان چۆن بێت، دەبێت لەناو زمانیشدا بە هەمان شێوە بێت. واتە ناکرێت ئەو ڕووداوەی لە دەرەوەی زماندا یەکەمجار ڕوویداوە، لەناو زماندا بیبەینە دواوە و ئەوەی دووەم بەپێش بخەین، چونکە لەم بارەدا بنەمای ئایکۆنسازی پێشێلدەکەین. بۆیە یەکێک لە بوارەکانی ئایکۆنسازیی ڕیزبوون، ڕیزبوونی زنجیرەیی پارستە ئاوەڵکارییەکانە، "کە ڕیزبوونی یەکلەدواییەکیان وادەکات لەگەڵ ڕیزبوونی کاتی جیهانی ڕاستەقینەدا یەکبگرێتەوە" (Rohdenburg, 2002: 263). بۆیە هۆکاری ئایکۆنسازی لەسەر ڕیزبوونی جۆرەکانی پارستەی ئاوەڵکاری لە زماندا ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت، کە پێنج جۆر پارستەی ئاوەڵکاری لە زمانی کوردیدا بۆ ڕیزبوونیان گونجاون لەگەڵ هۆکاری ئایکۆنسازی، وەکو پارستەی (کاتی، شوێنی، مەرجی، ئامانج و ئەنجام).

### ١.٣ ڕۆڵی ئایکۆنسازی لە ڕیزبوونی پارستەی کاتیدا ( The role of iconicity in the order of temporal clause):

پارستەی کاتی لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی گشتی پێش شارستە دەکەوێت، هۆکاری ئەمە ئەوەیە کە لە دەرەوەی زماندا ڕووداوەکەی پێش ڕووداوی شارستە ڕوودەدات. ئەم دیاردەیە لەناو زمانیشدا ڕەنگدەداتەوە، بۆیە ئەم جۆرە پارستە ئاوەڵکارییە گونجاوە لەگەڵ هۆکاری ئایکۆنسازی. وەکو لە نموونەکانی (٤) لە خوارەوەدا دیارە:

٤-أ- كاتێک کە حکومەتی کوردستان پێکهات، خوا لێخۆشبوو شێخ محەمەد بە دڵێکی پڕ لە تاسە و ئارەزوو هەڵساوە و چۆتە خزمەتی شێخ مەحمود.

ب- کاتێک دەهێنرێتە ئاسایش، ڕەوانەی پزیشکی دادوەری دەکرێت.

پ- کە داعش هێرشیان بۆ سەر کۆبانێ دەستپێکرد، کوردانی تورکیا بۆ یارمەتیدانی ئێوە لە سنوور پەڕینەوە.

لە ڕستە ئاڵۆزەکانی سەرەوەدا دیارە، بەهۆی ئەوەی ڕووداوی پاڕستەی کاتی پێش ڕووداوی شاڕستە کەوتووە لە دەرەوەی زمان، لەناو زمانیشدا بە هەمان شێوە ڕەنگیداوەتەوە. وەکو لە ڕستەی (٤أ)دا دیارە تا حکومەتی کوردستان پێکنەهات، شێخ محەمەد نەچووە خزمەتی شێخ مەحمود. لە ڕستەی (٤ب)دا تاکو نەیانبرد بۆ ئاسایش و کاری پێویستیان بۆ ئەنجامنەدا، ڕەوانەی پزیشکی دادوەریان نەکرد. هەروەها لە ڕستەی (٤پ)دا تا داعش هێرشی نەکرد، کوردانی تورکیا نەچوون بۆ یارمەتی کوردانی سووریا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ڕووداوی هەرسێ پاڕستەی (کاتێک کە حکومەتی کوردستان پێکهات)، (کاتێک دەهێنرێتە ئاسایش) و (کە داعش هێرشیان بۆ سەر کۆبانێ دەستپێکرد)، بەپێی هۆکاری ئایکۆنسازی لە دەرەوەی زمان پێش ڕووداوی شاڕستە ڕوویداوە، بۆیە لەناو زمانیشدا لەپێش شاڕستەوە دێت. بەڵام هەندێک جار پاڕستەی کاتی لەدوای شاڕستەوە دێت، هەرچەندە ڕووداوەکەی پێش ڕووداوی شاڕستەش ڕوویداوە. لەم حاڵەتەدا ئەم جۆرە پاڕستەیە هۆکاری ئایکۆنسازی پێشێلدەکات. وەکو لە نموونەکانی (٥)دا دیارە:

٥-أ- ئەم جارە ژیرانە هەڵسوکەوتی کرد، کاتێک لە پەڕلەمان سوێندی خوارد.

ب- ڕووی کامێراکەم لێی کرد، کە زانیم بە توڕەیی نیگام دەکات.

لە هەردوو ڕستەی (٥أ، ب)دا پاڕستەی کاتی لەدوای شاڕستەوە هاتووە، هەرچەندە ڕووداوەکانیان لە دەرەوەی زمان لەپێش ڕووداوی شاڕستەوە ڕوویداوە. بەم شێوەیە لەگەڵ هۆکاری ئایکۆنسازی ناگونجێت، چونکە پێشێلی یاساکانی دەکات. لە کۆی داتاکەماندا (٢١٣) ڕستەمان بۆ پاڕستەی کاتی وەرگرتووە، کە لە (١٧٩) ڕستەدا ئەم جۆرە پاڕستەیە لەپێش شاڕستەوە هاتووە، و لە (٣٤) ڕستەدا لەدوای شاڕستەوە هاتووە. هەربۆیە دیزڵ دەڵێت: "پاڕستەی کاتی کە ئاماژە بە ڕووداوی پێشوەختە دەکات، بەزۆری پێش شاڕستە دەکەوێت" (Diessel, 2008: 470). بەم شێوەیە ڕیزبوونی پاڕستەی کاتی لە زمانی کوردیدا لەگەڵ هۆکاری ئایکۆنسازی دەگونجێت.

## ٢.٣ ڕۆڵی ئایکۆنسازی لە ڕیزبوونی پاڕستەی شوێنی ( The role of iconicity in the order of locative clause):

پاڕستەی شوێنی لە زمانی کوردیدا بە زۆری لەپێش شاڕستەوە دێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ڕووداوی ئەم جۆرە پاڕستەیە لە دەرەوەی زماندا لەپێش ڕووداوی شاڕستەوە دێت. لەناو زمانیشدا بە هەمان شێوە ڕەنگدەداتەوە، بۆیە پەیڕەوی هۆکاری ئایکۆنسازی دەکات. واتە لەدەرەوەی زماندا سەرەتا باسی ئەو شوێنە دەکرێت، کە ڕووداوەکەی تیادا ڕوویداوە و دواتر ڕووداوی شاڕستەکە دێت، ڕیزبوونەکە لەناو زمانیشدا بەهەمان شێوەیە. کەواتە سەرەتا ئەو شوێنە دێت، کە ڕووداوەکە تیایدا ڕوویداوە (پاڕستەی شوێنی) و دواتر ڕوواوەکەی تر (شاڕستە) دێت. وەکو لە نموونەکانی (٦)دا خراوەتەڕوو:

٦-أ- لە هەر شوێنێک بە پێویستی بزانێ، دەتوانێ هێرشبکاتە سەر گروپە تیرۆرستییەکان.

ب- کەلە ئەوڕووپا بناغە گۆڕا، بە گۆڕانی بناغەی ئابووری و ڕووکاری کە هونەر بەشێکیەتی گۆڕا.

پ- لە هەرکوێ داوای ئازادی کوردستان کراوە، بەشداریم کردووە.

لە ڕستەکانی (٦أ، ب، پ)ی سەرەوەدا دیارە، پاڕستەی شوێنی بەپێی هۆکاری ئایکۆنسازی لەپێش شاڕستەوە دێت، چونکە ڕەنگدانەوەی جیهانی دەرەوەیە. وەکو لە ڕستەی (٦أ)دا لە شوێنێک کە بە پێویست زانرا، دەتوانرێت هێرش بکرێتە سەر ئەو شوێنە. ئەمە لە دەرەوەی زمان، لەناو زمانیشدا بە هەمان شێوە ڕیز دەبێت. لە ڕستەی (٦ب)دا لە دەرەوەی زمان سەرەتا باس لەو شوێنە کراوە، کە بناغەکەی تیا گۆڕاوە و دواتر باس لە گۆڕانی بناغەی ئابووری و هونەر کراوە، کە بە هەمان شێوەش لەناو زماندا ڕەنگیداوەتەوە. لە ڕستەی (٦پ)دا لە جیهانی دەرەوەدا سەرەتا باس لەو شوێنەکراوە، کە تێیدا داوای ئازادی بۆ کوردستان کراوە، و دواتر من بەشداریم کردووە، بە هەمان شێوەش لەناو زمانیشدا ڕەنگیداوەتەوە. بۆیە هەرسێ پارستەی (لە هەرشوێنێک بە پێویستی بزانێ)، (کەلە ئەوڕووپا بناغە گۆڕا) و (لە هەرکوێ داوای ئازادی کوردستان کراوە)، بەپێی هۆکاری ئایکۆنسازی لەپێش شاڕستەوە دێن. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار پاڕستەی شوێنی کە ڕووداوەکەی لەپێش ڕووداوی شاڕستەوەش دێت لە دەرەوەی زمان، بەڵام لەناو زماندا هەر لەدوای شاڕستەوە دێت. لەم حاڵەتەدا هۆکاری ئایکۆنسازی پێشێلدەکرێت. وەکو لە نموونەکانی (٧)دا دیارە:

٧-أ- کردنەوەی کارگەیەک ئاواتی چەند ساڵەی خەڵکە، لەو شوێنەی کە دیاریمان کردووە.

ب- پێویستە کۆتایی بە گەندەڵی بهێنرێت، لە هەرشوێنێک بێت.

لە ڕستەکانی (٧أ، ب)دا پارستەی شوێنی پەیڕەوی هۆکاری ئایکۆنسازی ناکات، هەرچەندە ڕووداوەکەی لەپێش ڕووداوی شارستەوەش هاتووە، بەڵام لەناو زماندا بە پێچەوانەوە ڕیزکراوە. بۆیە لەگەڵ ئەم هۆکارە ناگونجێت. لەو داتایانەی کاری لەسەر دەکەین (٢١) ڕستەمان بۆ پارستەی شوێنی وەرگرتووە. لە کۆی ئەم ڕستانەدا لە (١٥) ڕستەدا پارستەی شوێنی لەپێش شارستەوە دێت، و لە (٦) ڕستەدا لەدوای شارستەوە دێت. لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە پارستەی شوێنی پەیڕەوی هۆکاری ئایکۆنسازی دەکات، و بەپێی ڕووداوەکانی دەرەوەی زمان بە زۆری لەپێش شارستەوە دێت، و لەناو زمانیشدا بە هەمان شێوە ڕەنگدەداتەوە.

## ٣.٣ ڕۆڵی ئایکۆنسازی لە ڕیزبوونی پارستەی مەرجی ( The role of iconicity in the order of conditional clause):

پارستەی مەرجی، بە زۆری لەپێش شارستەوە دێت، واتە "پرسیاری مەرجی بە نزیکەیی هەمیشە پێش وەڵامی مەرجی دەکەوێت" ( Haiman, 1980: 528). ئەم پارستەیە بەپێی هۆکاری ئایکۆنسازی پێش شارستە دەکەوێت، چونکە لە دەرەوەی زماندا ڕووداوی پارستەی مەرجی پێش ڕووداوی شارستە ڕوودەدات، لەناو زمانیشدا بەهەمان شێوە ڕەنگدەداتەوە. هەروەها پارستەی مەرجی ئاماژە بە بارێکی گریمانەییش دەکات، کە چوارچێوەیەکی واتایی دابیندەکات بۆ لێکدانەوەی ڕستەکانی دوای خۆی. بەڵام "ئەگەر پارستەی مەرجی لەدوای شارستەوە بێت، لەوانەیە گوێگر شارستەی سەرەتایی بە هەڵە لێکبداتەوە" ( Diessel, 2008: 470). لە زمانی کوردیدا پارستە مەرجییەکان حەزی ئەوەیان هەیە لەپێش شارستەوە بێن، لەبەرئەوەی ئاماژە بە ڕووداوێک دەکەن پێش ئەوەی لە شارستەدا ڕوویدابێت. بۆیە پارستەی مەرجی پەیڕەوەی هۆکاری ئایکۆنسازی دەکات، و دەستنیشانکردنی شوێنی ئەم جۆرە پارستەیە

بەپێی ئەم هۆکارە گونجاوە. واتە ڕووداوەکە لە دەرەوەی زمان چۆنە، دەبێت لەناو زمانیشدا بە هەمان شێوە بێت. وەک لە نموونەکانی (٨)دا خراوەتەڕوو:

٨-أ- ئەگەر ئێوە یەکێک لەم دوو مەرجانە قبوڵ بکەن، گەمارۆی ئابووری دژی ئێوە کۆتایی پێ دێنم.

ب- گەر تۆتاڵ بەبێ ڕەزامەندیی بەغدا گرێبەست لەگەڵ هەولێر واژۆ بکات، وەکو کۆمپانیاکانی دیکە سەرجەم سزاکان دەیگرێتەوە.

پ- تا ئەم عەقلیەتە نەگۆڕدرێ، ئەنجامدانی چاکسازی لە تورکیا زەحمەتە.

لە ڕستەکانی (٨أ، ب، پ)دا، پاڕستەی مەرجی بەپێی هۆکاری ئایکۆنسازی لەپێش شاڕستەوە دێت، چونکە لە دەرەوەی زمان ڕووداوەکەی پێش ڕووداوی شاڕستە ڕوویداوە. واتە لە ڕستەی (٨أ)دا ڕووداوی قبوڵکردنی دوو مەرجەکە، پێش کۆتاییپێهێنانی گەمارۆی ئابووری ڕوودەدات. لە ڕستەی (٨ب)دا ڕووداوی واژۆکردنی گرێبەست بەبێ ڕەزامەندیی بەغدا، پێش ڕووداوی سزادان ڕوودەدات. هەروەها لە ڕستەی (٨پ)دا ڕووداوی گۆڕانی عەقلیەت، پێش ڕووداوی چاکسازی ڕوودەدات. بۆیە هەرسێ پاڕستەی (ئەگەر ئێوە یەکێک لەم دوو مەرجانە قبوڵ بکەن)، (گەر تۆتاڵ بەبێ ڕەزامەندیی بەغدا گرێبەست لەگەڵ هەولێر واژۆ بکات) و (تا ئەم عەقلیەتە نەگۆڕدرێ) بەپێی هۆکاری ئایکۆنسازی ڕیزدەبن و لەپێش شاڕستەوە دێن، چونکە ڕووداوەکانیان پێش ڕووداوی شاڕستەکانیان ڕوویداوە لە دەرەوەی زمان. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار پاڕستەی مەرجی لەدوای شاڕستەوە دێت، سەرەڕای ئەوەی لە دەرەوەی زمان ڕووداوەکەی پێش ڕووداوی شاڕستە ڕوودەدات، بەمەش لە هۆکاری ئایکۆنسازی لادەدات. وەکو لە نموونەکانی (٩)دا خراوەتەڕوو:

٩-أ- زەمینە لەبارە بۆ درێژە پێدانی دانوستان و گفتوگۆکان، ئەگەر ئیرادەی سیاسی هەبێ.

ب- ئەم لقە لە ئەدەب کە بە ئەدەبی بەراوردی دەناسرێت لە ئێراندا زۆر دەوڵەمەند دەبێ، ئەگەر کاری لەسەر بکرێت.

لە ڕستەکانی (٩أ، ب)دا پاڕستە مەرجییەکان لەدوای شاڕستەوە هاتوون، هەرچەندە ڕووداوەکانیان پێش ڕووداوی شاڕستەکانیان ڕوویداوە، بەمەش هۆکاری ئایکۆنسازی پێشێلدەکات. لەو داتایەی کاری لەسەر دەکەین (٥١٧) ڕستەمان بۆ پاڕستەی مەرجی وەرگرتووە، کە لە (٤٦٥) ڕستەدا ئەم جۆرە پاڕستەیە لەپێش شاڕستە و لە (٥٢) ڕستەدا لەدوای شاڕستەوە هاتووە. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی، کە پاڕستەی مەرجی بەپێی هۆکاری ئایکۆنسازی بە شێوەیەکی گشتی لەپێش شاڕستەوە دێت.

### ٤.٣ ڕۆڵی ئایکۆنسازی لە ڕیزبوونی پاڕستەی ئامانج ( The role of iconicity in the order of purpose clause):

پاڕستەی ئامانج، بە زۆری لەدوای شاڕستە دێت و لەگەڵ هۆکاری ئایکۆنسازیش گونجاوە، چونکە لە دەرەوەی زماندا ڕووداوەکەی دوای ڕووداوی شاڕستە ڕوودەدات، بۆیە لەناو زمانیشدا بە هەمان شێوە ڕەنگدەداتەوە. لەم بارەیەوە (دیزڵ) دەڵێت: "پاڕستەی ئامانج دوای شاڕستە دەکەوێت، چونکە خاڵی کۆتایی ئامانجی چالاکییەکە لە ڕستەی ئاڵۆزدا دەردەبڕێت" (Diessel, 2008: 469). واتە لە دەرەوەی زماندا ئەم جۆرە پاڕستەیە ئامانج و مەبەستی چالاکییەک لە کۆتایی ڕستەی ئاڵۆز (دوای شاڕستە) دەردەبڕێت، بۆیە لەناو زمانیشدا لەدوای شاڕستەوە دێت. لە زمانی کوردیدا پاڕستەی ئامانج بەزۆری لەدوای شاڕستەوە دێت و پەیڕەوی هۆکاری ئایکۆنسازی دەکات، چونکە لە دەرەوەی زماندا

ڕووداو و ئامانجەکەی لەدوای شارستەوە دێت. وەکو لە نموونەکانی (١٠)دا خراوەتە بەرچاو:

١٠-أ- هێزی پێشمەرگە لە تەواوی ناوچەکان لە پێشڕەویدایە، بۆئەوەی تەواوی ئەو ناوچانە کۆنترۆڵبکاتەوە کە کەوتونەتە دەست چەکدارانی داعش.

ب- دەبێت لێرە بەدواوە لە هەوڵدابین هەنگاوەکانمان خێرابکەین، بۆئەوەی قۆناغی ئەنفال بەجێبێڵین.

پ- هەوڵدراوە مەکتەبی عیلاقات فراوانبکرێت و لە کەسێکەوە بۆ چەند کەسێک زیادبکرێت، لەبەرئەوەی ئیشەکان فراوانتر بکرێت.

لە ڕستەکانی (١٠أ، ب، پ)دا پارستەی ئامانج پەیڕەوی هۆکاری ئایکۆنسازی کردووە، و لە دەرەوەی زمان ڕووداوەکان چۆن ڕوویانداوە، لەناو زمانیشدا بەهەمان شێوە ڕەنگیداوەتەوە. واتە لە ڕستەی (١٠أ)دا هێزی پێشمەرگە لەپێشڕەویدان بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی ژێر دەستی داعش، کە خاڵی ئامانج لە کۆتایی ڕستەکەدایە لە دەرەوەی زمان، بۆیە لەناو زمانیشدا بە هەمان شێوە ڕیزبووە. لە ڕستەی (١٠ب)دا لە دەرەوەی زمان خێراکردنی هەنگاوەکان و هەوڵدانمان بە مەبەستی بەجێهێشتنی قۆناغی ئەنفالە، بەم شێوەیە خاڵی ئامانج لە کۆتایی ڕستەکەدایە، و لەناو زمانیشدا دەکەوێتە کۆتایی ڕستەکە (واتە دوای شارستە). لەڕستەی (١٠پ)دا هەوڵدان بۆ فراوانکردنی مەکتەبی عیلاقات و زیادکردنی کەسەکان بە مەبەستی فراوانکردنی کارەکانە، کە لێرەشدا خاڵی ئامانج لە کۆتایی ڕستەکەدایە، بۆیە لەناو زمانیشدا بەهەمان شێوە ڕەنگدەداتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە هەرسێ پارستەی (بۆئەوەی تەواوی ئەو ناوچانە کۆنترۆڵبکاتەوە کە کەوتونەتە دەست چەکدارانی داعش)، (بۆئەوەی قۆناغی ئەنفال بەجێبێڵین) و (لەبەرئەوەی ئیشەکان

فراوانتر بکرێت) پەیڕەوی هۆکاری ئایکۆنسازی دەکەن و لەدوای شاڕستەوە دێن، چونکە ڕەنگدانەوەی ڕیزبوونی جیهانی دەرەوەی زمانن. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار پاڕستەی ئامانج لەپێش شاڕستەوە دێت، و بەپێچەوانەی جیهانی دەرەوە ڕیز دەبێت. بەمەش هۆکاری ئایکۆنسازی پێشێلدەکات. وەکو لە نموونەکانی (١١)دا خراوەتەڕوو:

١١-أ- بۆئەوەی هەرێم و بەغدا بەهاوبەشی شەڕی داعش بکەن، پێویستە ڕیککەوتن لەسەر ئاستی باڵا بکرێت.

ب- بۆئەوەی بەشە بودجەی هەرێم تەواوبکەین، ڕۆژانە پێویستمان بە ٤٥٠ بۆ ٥٠٠ هەزار بەرمیلە.

وەکو لە ڕستەکانی (١١أ، ب)دا دیارە، لە دەرەوەی زمان خاڵی ئامانجی چالاکی لە کۆتایی ڕستەدایە، بەڵام لەناو زماندا لەپێش شاڕستەوە هاتووە، کە ئەمەش پێچەوانەی جیهانی دەرەوەیە، بۆیە لێرەدا پاڕستەی ئامانج هۆکاری ئایکۆنسازی پێشێلدەکات. لەو داتایەی کاری لەسەر دەکەیەن (٨٢٥) ڕستەمان بۆ ئەم پاڕستەیە وەرگرتووە، کە لە (٣٢٠) ڕستەدا لەپێش شاڕستەوە دێت و لە (٥٠٥) ڕستەدا لەدوای شاڕستەوە دێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ڕیزبوونی پاڕستەی ئامانج بەپێی هۆکاری ئایکۆنسازی گونجاوە و لەدوای شاڕستەوە دێت.

## ٥.٣ ڕۆڵی ئایکۆنسازی لە ڕیزبوونی پاڕستەی ئەنجام (The role of iconicity in the order of result clause):

پاڕستەی ئەنجام بەزۆری لەدوای شاڕستەوە دێت و پەیڕەوی هۆکاری ئایکۆنسازی دەکات، کە لە دەرەوەی زماندا ڕووداو و ئەنجامەکەی دەکەوێتە دوای ڕووداوی شاڕستەوە، بۆیە دەبێت لەناو زمانیشدا ڕووداو و ئەنجامەکەی بکەوێتە دوای ڕووداوی شاڕستەوە.

واتە "پاڕستەی ئەنجام بۆیە دەکەوێتە شوێنی کۆتایی، کە ئەنجامەکەی بە شێوەیەکی چەمکیانە بەدەست دێت دوای شاڕستەکە" (مهند، ١٣٩٤: ١٨٨). لە زمانی کوردیدا پاڕستەی ئەنجام بە زۆری دەکەوێتە دوای شاڕستەوە و ڕیزبوونەکەی لەژێر کاریگەریی هۆکاری ئایکۆنسازیدایە. وەکو لە نموونەکانی (١٢)دا خراوەتەڕوو:

١٢-أ- بەشێکی بەرچاوی کوردی تورکیا شێوازی پەکەکە قبوڵ دەکەن، بۆیە ئەو خۆشبینییە سەرەتاییە لەسەر چارەسەربوونی کێشەی کورد هەڵەبوو.

ب- تیرۆریزم مەترسییەکە بۆ هەموو ناوچەکە، بۆیە پێویستی بە بەرەنگاربوونەوەی گشتی و بەرفراوان هەیە.

پ- چەند کۆمپانیایەکی گەورەی نەوتی چاویان بڕیوەتە هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوە زۆر لە سزاکانی حکومەتی عێراق ناترسن.

لە ڕستەکانی (١٢أ، ب، پ)دا پاڕستەی ئەنجام لەدوای شاڕستەوە دێت، چونکە ڕووداو و ئەنجامیان لە دەرەوەی زماندا لەدوای ڕووداوی شاڕستەوە دێت، بۆیە لەناو زمانیشدا بە هەمان شێوە ڕەنگدەداتەوە. وەکو لە ڕستەی (١٢أ)دا کوردەکانی تورکیا شێوازی پەکەکە قبوڵ دەکەن، لە ئەنجامدا خۆشبینی بۆ کێشەی کورد هەڵەیە، بەهەمان شێوە لەناو زمانیشدا ڕیزبوونەکە ڕوویداوە. لە ڕستەی (١٢ب)دا تیرۆریزم مەترسییە بۆ ناوچەکە، و لە ئەنجامدا پێویستی بە بەرەنگاربوونەوە هەیە، لەناو زمانیشدا بەهەمان شێوە ڕەنگیداوەتەوە. لە ڕستەی (١٢پ)دا کۆمپانیا گەورەکانی نەوت چاویان بڕیوەتە نەوتی هەرێمی کوردستان، و لەئەنجامدا لە سزاکانی عێراق ناترسن، بۆیە بەهەمان شێوە لەناو زماندا ڕەنگیداوەتەوە. کەواتە پاڕستەکانی (بۆیە ئەو خۆشبینیە سەرەتاییە لەسەر چارەسەربوونی کێشەی کورد هەڵەبوو)، (بۆیە پێویستی بە

بەرەنگاربوونەوەی گشتی و بەرفراوان هەیە) و (لەبەرئەوە زۆر لە سزاکانی حکومەتی عێراق ناترسن) ڕیزبوونەکانیان لەناو زماندا ڕەنگدانەوەی ڕیزبوونیانە لە دەرەوەی زماندا. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار پاڕستەی ئەنجام لەپێش شاڕستەوە دێت، هەرچەندە لە دەرەوەی زمان ڕووداوی ئەم جۆرە پاڕستەیە لەدوای ڕووداوی شاڕستەوە ڕوویداوە. لەم حاڵەتەدا ئەم جۆرە پاڕستەیە لە هۆکاری ئایکۆنسازی لادەدات. وەکو لە نموونەکانی (١٣)دا دیارە:

١٣-أ- بۆیە زۆر بە پێویستی دەبینم ئەم گفتوگۆیانە ئەنجامبدرێن، وەک سیاسەتمەدارێکی سەربەخۆ پشتگیری ئەو گفتوگۆیانە دەکەم.

ب- لەبەرئەوە ئەم دامەزراوەیە بەتوندی پەرژین کراوە، پاراستنی دامەزراوەی ناڤۆکی نە هەر ڕەوایە بەڵکو زۆریش پێویستە.

لەڕستەکانی (١٣أ، ب)دا پاڕستەکانی ئەنجام سەرەڕای ئەوەی لە دەرەوەی زمان ڕووداو و ئەنجامیان لەدوای ڕووداوی شاڕستەوە هاتووە، بەڵام لەناو زماندا بە پێچەوانەوە پاڕستەی ئەنجام لەپێش شاڕستەوە هاتووە. بۆیە لەم حاڵەتەدا ئەم جۆرە پاڕستە ئاوەڵکارییە هۆکاری ئایکۆنسازی پێشێلدەکات. لە کۆی ئەو داتایانەی کاری لەسەر دەکەین، (٢٢٠) ڕستەمان بۆ پاڕستەی ئەنجام وەرگرتووە، کە لە (٨٢) ڕستەدا ئەم پاڕستەیە لەپێش شاڕستەوە و لە (١٣٨) ڕستەدا لەدوای شاڕستەوە هاتووە. ئەمەش دەمان گەیەنێتە ئەو ئەنجامەی، کە پاڕستەی ئەنجام بۆ ڕیزبوونی پەیڕەوی هۆکاری ئایکۆنسازی دەکات.

### ٦.٣ شیکردنەوەی داتا (Data analyzing):

لەم بەشەدا کار لەسەر کۆرپەسێکی زمانی دەکەین، کە لە زانکۆی (کوردستان) لە ئێران بە ناونیشانی (UOK Kurdish Corpus)دا بڵاوکراوەتەوە، و پەیجی تایبەت بەخۆی هەیە لەژێر ناونیشانی (Kurdish-Corpus.uok.ac.ir)، و کارەکەیان لە بواری سینتاکسدایە. لە پڕۆژەکەدا بۆ کۆکردنەوەی داتا یارمەتی لە ماڵپەڕە هەواڵییە کوردییەکان وەرگیراوە، بە تایبەتی ماڵپەڕی (کوردپرێس). لەم کۆرپەسەدا بۆ وەرگرتنی نموونە بۆ جۆرەکانی پاڕستەی ئاوەڵکاری، شێوازی ناهەڕەمەکی مەبەستدار-پشکیمان بەکارهێناوە. کە لە خشتەی ژمارە (١)دا دیارە.

| جۆرەکانی پاڕستە | ژمارەی پاڕستەکان | ٪ | ژمارەی نموونە وەرگیراوەکان |
|---|---|---|---|
| پاڕستەی کاتی | ٢١١٨ | ٪٧ | ٢١٣ |
| پاڕستەی شوێنی | ٢١٢ | ٪١ | ٢١ |
| پاڕستەی هۆیی | ٩٨٦١ | ٪٣٣ | ٩٩١ |
| پاڕستەی مەرجی | ٥١٤٤ | ٪١٧ | ٥١٧ |
| پاڕستەی ئامانج | ٨٢١١ | ٪٢٨ | ٨٢٥ |
| پاڕستەی ئەنجام | ٢١٩٢ | ٪٧ | ٢٢٠ |
| پاڕستەی پێوانە | ٢٢٤ | ٪١ | ٢٣ |
| پاڕستەی پێچەوانە | ١٨٩٦ | ٪٦ | ١٩١ |
| کۆی گشتی | ٢٩٨٥٨ | ٪١٠٠ | ٣٠٠١ |


خشتەیی (١) شێوازی نموونەی ناهەڕەمەکی مەبەستدار-پشکی

هەرچەندە بیرۆکەی ڕیزبوونی پارستە ئاوەڵکاری (کاتی، شوێنی، مەرجی، ئامانج و ئەنجام) پەیڕەوی هۆکاری ئایکۆنسازی دەکەن و بۆ ڕیزبوون و دەستنیشانکردنی شوێنی سەرەکییان سوود لەم هۆکارە وەردەگرن. هەروەها ڕێژەیەکی بەرچاوی ڕستەکانیان بەپێی ئەم هۆکارە ڕیزدەبن، لەبەرئەوەی لە دەرەوەی زمان ڕووداوەکانیان چۆن ڕوویداوە لەناو زمانیشدا بە هەمان شێوە ڕەنگیداوەتەوە و پاش و پێش بە ڕووداوەکان نەکراوە، بەڵام دەبێت جەخت لەسەر ئەوەش بکرێتەوە، کە ژمارەیەک لە ڕستە ئاڵۆزەکان پەیڕەوی ئەم هۆکارە ناکەن. وەکو لە خشتەی ژمارە (٢) لە خوارەوەدا خراوەتەڕوو:

| پارستە ئاوەڵکاریەکان | ڕیزبوون بەپێی هۆکاری ئایکۆنسازی | ژمارەی پارستە | ڕێژەی سەدی | کۆی گشتی ڕێژە |
|---|---|---|---|---|
| پارستەی کاتی | گونجاو | ١٧٩ | ٪٨٤،٠ | ٨٤،٠ |
| | نەگونجاو | ٣٤ | ٪١٦،٠ | ١٦،٠ |
| | کۆی گشتی | ٢١٣ | ٪١٠٠ | ١٠٠ |
| پارستەی شوێنی | گونجاو | ١٥ | ٪٤،٧١ | ٤،٧١ |
| | نەگونجاو | ٦ | ٪٦،٢٨ | ٦،٢٨ |
| | کۆی گشتی | ٢١ | ٪١٠٠ | ١٠٠ |
| پارستەی مەرجی | گونجاو | ٤٦٥ | ٪٨٩،٩ | ٨٩،٩ |
| | نەگونجاو | ٥٢ | ٪١٠،١ | ١٠،١ |
| | کۆی گشتی | ٥١٧ | ٪١٠٠ | ١٠٠ |
| پارستەی ئامانج | نەگونجاو | ٣٢٠ | ٪٣٨،٨ | ٣٨،٨ |
| | گونجاو | ٥٠٥ | ٪٦١،٢ | ٦١،٢ |
| | کۆی گشتی | ٨٢٥ | ٪١٠٠ | ١٠٠ |
| پارستەی ئەنجام | نەگونجاو | ٨٢ | ٪٣٧،٣ | ٣٧،٣ |
| | گونجاو | ١٣٨ | ٪٦٢،٧ | ٦٢،٧ |
| | کۆی گشتی | ٢٢٠ | ٪١٠٠ | ١٠٠ |

خشتەی(٢) گونجانی پارستە ئاوەڵکارییەکان لەگەڵ هۆکاری ئایکۆنسازی

لە خشتەی ژمارە (٢)دا ڕیزبوونی پاڕستە ئاوەڵکارییەکان بەپێی هۆکاری ئایکۆنسازی خراوەنەتەڕوو. پاڕستەی کاتی لە کۆی (٢١٣) ڕستەدا (١٧٠) ڕستەی پەیڕەوی ئەم هۆکارە دەکات، واتە لە سەدا (٨٤،٠)ی پاڕستە کاتییەکان بەپێی هۆکاری ئایکۆنسازی ڕیزدەبن و لەپێش شاڕستەوە دێن، بەڵام لە (٣٨) ڕستەدا ئەم هۆکارە پێشێلدەکەن، واتە لە سەدا (١٦،٠)ی ئەم جۆرە پاڕستەیە پەیڕەوی ئەم هۆکارە ناکەن. پاڕستەی شوێنی لە کۆی (٢١) ڕستە (١٥) ڕستەیان پەیڕەوی هۆکاری ئایکۆنسازی دەکەن، واتە لە سەدا (٧١،٤)ی پاڕستە شوێنییەکان لەگەڵ ئەم هۆکارە گونجاون، و لە (٦) ڕستەیاندا لەم هۆکارە لادەدەن. بە واتایەکی تر، لە سەدا (٢٨،٦) پاڕستە شوێنییەکان هۆکاری ئایکۆنسازی پێشێلدەکەن. پاڕستەی مەرجی لە کۆی (٥١٧) ڕستەدا  (٤٦٥) ڕستەیان لەگەڵ ئەم هۆکارەدا گونجاون، کە لە سەدا (٨٩،٩)ی ڕیزبوونی پاڕستە مەرجییەکان پەیڕەوی هۆکاری ئایکۆنسازی دەکەن، بەڵام لە (٥٢) ڕستەیاندا لەم هۆکارە لادەدەن، واتە لە سەدا (١٠،١)ی پاڕستە مەرجییەکان هۆکاری ئایکۆنسازی پێشێلدەکەن. هەروەها پاڕستەی ئامانج لە کۆی (٨٢٥) ڕستەدا (٥٠٥) ڕستەیان پەیڕەوی ئەم هۆکارە دەکەن. بە وتەیەکی تر لە سەدا (٦١،٢)ی پاڕستەکانی ئامانج لەگەڵ هۆکاری ئایکۆنسازی گونجاون، کەچی لە (٣٢٠) ڕستەیاندا لەم هۆکارە لادەدەن، کە لە سەدا (٣٨،٨)ی ئەم جۆرە پاڕستەیە ئەم هۆکارە پێشێلدەکەن. هەروەها پاڕستەی ئەنجام لە کۆی (٢٢٠) ڕستەدا (١٣٨) ڕستەی پەیڕەوی هۆکاری ئایکۆنسازی دەکات، واتە لە سەدا (٦٢،٧)ی پاڕستەکانی ئەنجام بەپێی ئەم هۆکارە ڕیزدەبن، بەڵام لە (٨٢) ڕستەیاندا لەم هۆکارە لادەدەن، کە لە سەدا (٣٧،٣)ی ئەم جۆرە پاڕستەیە هۆکاری ئایکۆنسازی پێشێڵ دەکات. بەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە لەو داتایانەی کاری لەسەر دەکەین ڕێژەی زۆری ڕستەکان لەگەڵ هۆکاری ئایکۆنسازی گونجاون. وەکو لە شێوەی ژمارە (٢)دا دیارە:




شێوەی (٢) گونجان و پێشێلکردنی هۆکاری ئایکۆنسازی

دەبێت باس لەوەش بکرێت، کە ڕێژەی زۆری ئەو پارستە ئاوەڵکارییانەی پەیرەوی هۆکاری ئایکۆنسازی دەکەن لەپێش شارستەوە دێن. بۆیە (دیزل) دەڵێت: "بنەمای ئایکۆنسازی زیاتر لەگەڵ ئەو ڕستە ئاڵۆزانە دەگونجێت، کە پارستەی ئاوەڵکاری سەرەتایی تێدایە، وەکو لەو ڕستە ئاڵۆزانەی کە پارستەی ئاوەڵکاری کۆتایی تێدایە" (Diessel, 2008: 475) لەم پێنج جۆرە پارستە ئاوەڵکارییەدا لە کۆیی (١٧٩٦) پارستە، (١٣٠٢) پارستە بەپێی هۆکاری ئایکۆنسازی ڕیزبوونە، کە (٦٥٩) پارستەیان لەپێش شارستەوە هاتوون، و (٦٤٣)یشیان لەدوای شارستەوە هاتوون. بەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ڕێژەی زۆری ئەو پارستە ئاوەڵکارییانەی پەیرەوی هۆکاری ئایکۆنسازی دەکەن و لەپێش شارستەوە دێن، هەرچەندە ڕێژەی ئەوانەی لەدوای شارستەشەوە دێن کەم نین. وەکو لە خشتەی ژمارە (٣)ی خوارەوەدا دیارە:

| شوێن و ڕیزبوونی پارستە ئاوەڵکارییەکان بەپێی هۆکاری ئایکۆنسازی | | | |
|---|---|---|---|
| شوێنی پارستەکان | ژمارەی پارستەکان | ڕێژەی سەدی | کۆی ڕێژەی سەدی |
| لەپێش شارستە | ٦٥٩ | ٪٥٠،٦ | ٥٠،٦ |
| لەدوی شارستە | ٦٤٣ | ٪٤٩،٤ | ٤٩،٤ |
| کۆی گشتی | ١٣٠٢ | ٪١٠٠ | ١٠٠ |

خشتەی (٣) شوێن و ڕیزبوونی پارستە ئاوەڵکارییەکان بەپێی هۆکاری ئایکۆنسازی

لە خشتەی ژمارە (٣)دا ئەوە خراوەتە بەرچاو، کە لە سەدا (٥٠،٦)ی پارستە ئاوەڵکارییەکانی پەیڕەوی هۆکاری ئایکۆنسازی دەکەن، لەپێش شارستەوە دێن و لە سەدا (٤٩،٤) پارستە ئاوەڵکارییەکان پەیڕەوی ئەم هۆکارە دەکەن، لەدوای شارستەوە دێن.

هەموو کات هۆکاری ئایکۆنسازی ڕۆڵ نابینێت لە ڕیزبوونی پارستە ئاوەڵکارییەکاندا، بۆ نموونە پارستەی ئاوەڵکاری هۆیی هۆکاری ئایکۆنسازی پێشێلدەکات، چونکە لە ڕستە ئاڵۆزە هۆییەکاندا "هۆکاری چالاکی لەدوای گرفتەکان دێت، کە ئەمەش لە جیهانی دەرەوەدا پێچەوانەیە" (مهند، ١٣٩٤: ١٨٨) هەرچەندە پارستە هۆییەکان ئەگەر ئاماژە بە ڕووداوێکیش بکەن، کە لەپێش ڕووداوی شارستەوە هاتبێت، هەر ئارەزووی ئەوەی هەیە لەدوای شارستەوە بێت. بۆیە ئەم جۆرە پارستە ئاوەڵکارییە بۆ ڕیزبوونی هۆکارێکی تر هەڵدەبژێرێت. (دیزڵ) لەم بارەیەوە دەڵێت: ئەگەر سەیری پارستە هۆییەکان بکەین، لە بنەڕەتدا وەک خۆسەپاندن کاردەکەن و دەیانەوێت زانیاریی نوێ بەدەستەوە بدەن (Diessel, 2005: 464). لە زمانی کوردیشدا بە هەمان شێوە پارستەی هۆیی پەیڕەوی هۆکاری ئایکۆنسازی ناکات، چونکە بە زۆری هەڵگری زانیاری نوێیە و ڕووداوەکەی پێچەوانەی ڕووداوی دەرەوەی زمانە. وەکو لە نموونەکانی (١٤)دا دیارە:

١٤-أ- خۆپیشاندان لەم دۆخەی ئێستادا باش نییە و من لەگەڵ شێوازی دانوستان و ڕێککەوتندام، چونکە خۆپیشاندان دۆخێکی ئاڵۆز دێنێتە کایەوە.

ب- لەهەر دۆخێکدا بێ خەباتی گەلی کورد هەر بەردەوامە، چونکە تورکیا هەر سیاسەتی شەڕی پێ دروستە.

لە نموونەکانی (١٤أ، ب)دا پاڕستەی هۆیی پێشێلی هۆکاری ئایکۆنسازی دەکات، چونکە هۆکاری چالاکییان لەدوای گرفتەکانەوە هاتووە و ئەمەش پێچەوانەی جیهانی دەرەوەی زمانە. هەربۆیە هەریەک لە پاڕستەکانی (چونکە خۆپیشاندان دۆخێکی ئاڵۆز دێنێتە کایەوە.) و (چونکە تورکیا هەر سیاسەتی شەڕی پێ دروستە.) بۆ ڕیزبوونیان پەیڕەوی هۆکارێکی تر دەکەن. هەروەکو (دیزڵ) ئاماژەی پێکردووە، کە سەیری ئەم دوو پاڕستەیە دەکەین دەبینین هەڵگری زانیاری نوێن. بەمەش بۆمان دەردەکەوێت ئەم جۆرە پاڕستەیە پەیڕەوی (هۆکار گوتاری) دەکات.

**ئەنجام:**

١- لە زمانی کوردیشدا پاڕستەی ئاوەڵکاری بۆ ڕیزبوون و دەستنیشانکردنی شوێنی سەرەکی سوود لە هۆکاری ئایکۆنسازی وەردەگرێت، و پاڕستەی ئاوەڵکاری (کاتی، شوێنی، مەرجی، ئامانج و ئەنجام) بۆ ڕیزبوونیان پەیڕەوی ئەم هۆکارە دەکەن.

٢- زمانی کوردیش وەکو زمانەکانی تر لە ڕوانگەی ئەرکی- تایپۆلۆژییەوە بۆ ڕیزبوونی جۆرەکانی پاڕستەی ئاوەڵکاری پەیڕەوی هەندێک هۆکار دەکات، کە یەکێک لە هۆکارەکان (هۆکاری ئایکۆنسازی)یە.

٣- لەو داتایانەی کارمان لەسەریان کردووە، ڕێژەی زۆری پاڕستە ئاوەڵکارییەکان پەیڕەوی هۆکاری ئایکۆنسازی دەکەن و لەگەڵی دەگونجێن. وەکو پاڕستەی کاتی لە سەدا (٨٤،٠)ی ڕستەکانی، پاڕستەی شوێنی لە سەدا (٧١،٤)ی ڕستەکانی، پاڕستەی مەرجی لە سەدا (٨٩،٩)ی ڕستەکانی، پاڕستەی ئامانج لە سەدا (٦١،٢)ی ڕستەکانی و پاڕستەی ئەنجام لە سەدا (٦٢،٧)ی ڕستەکانی گونجاون لەگەڵ هۆکاری ئایکۆنسازی.

٤- ئەو پاڕستە ئاوەڵکاریانەی لە زمانی کوردیدا پەیڕەوی هۆکاری ئایکۆنسازی دەکەن، هەندێک جار بە ڕێژەیەکی کەم ئەم هۆکارە پێشێلدەکەن. وەکو پاڕستەی کاتی لە سەدا (١٦،٠)ی ڕستەکانی، پاڕستەی شوێنی لە سەدا (٢٨،٦)ی ڕستەکانی، پاڕستەی مەرجی لە سەدا (١٠،١)ی ڕستەکانی، پاڕستەی ئامانج لە سەدا (٣٨،٨)ی ڕستەکانی و پاڕستەی ئەنجام لە سەدا (٣٧،٣)ی ڕستەکانی هۆکاری ئایکۆنسازی پێشێلدەکەن.

٥- ئەو پاڕستە ئاوەڵکارییانەی لە زمانی کوردیدا پەیڕەوی هۆکاری ئایکۆنسازی دەکەن، بە زۆری لەپێش شاڕستەوە دێن. واتە لە سەدا

(٥٠،٦)ی پارستە ئاوەڵکارییەکانی پەیڕەوی هۆکاری ئایکۆنسازی دەکەن، لەپێش شارستەوە دێن. هەروەها ئەوانەی لەدوای شارستەشەوە دێن ڕێژەیان کەم نییە، کە لە سەدا (٤٩،٤)ی ئەو پارستە ئاوەڵکارییانەی پەیڕەوی هۆکاری ئایکۆنسازی دەکەن، لەدوای شارستەوە دێن.

٦- هەموو کاتێک هۆکاری ئایکۆنسازی ڕۆڵ نابینێت لە ڕیزبوونی پارستە ئاوەڵکارییەکاندا. واتە هەندێک لە جۆرەکانی پارستەی ئاوەڵکاری بۆ ڕیزبوون و دەستنیشانکردنی شوێنی سەرەکییان پەنا دەبەنە بەر هۆکاری تر، ئەمەش بەهۆی نەگونجانی ڕووداوەکانیانە لەگەڵ ڕووداوی دەرەوەی زمان.

## لیستی سەرچاوەکان:

**یەکەم: بە زمانی کوردی**

- کانبی، دلێر صادق (٢٠١٩-٢٠٢٠)، **وانەی ڕستەسازی**، خوێندنی باڵا/ ماستەر.

**دووەم: بە زمانی فارسی**

**کتاب**

- مهند، محمد راسخ (١٣٨٦)، **نحو زبان فارسی: نگاهی نقش- ردەشناختی**، چاپ دوم، چاپ خانه فرهنگ‌بان، ایران.

**پایان‌نامه**

- پورگلاب، الهام فاتحی (١٣٩٣)، **فرهنگ توصیفی اصطلاحات ردەشناسی زبان**، پایان‌نامه دریافت درجه کارشناسی ارشد در رشته زبان‌شناسی (MA)، دانشگاه ازاد اسلامی.

**پ- مجله**

- مهند، محمد راسخ و رقیه سلیمان (١٣٩٤)، **توالی بندهای قیدی در زبان فارسی**، مجله ادب پژوهی، شماره (٣٢).

**سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی:**

**Book**

- Fischer, Olga and Wolfgang G. Müller (2002), **Introduction from Signing back to Signs**, John Benjamins Publishing Company, Philadelphia, USA.

- Givón, Thomas (1985), **Iconicity, isomorphism, and non-arbitrary coding in syntax**, in book: Iconicity in Syntax, edited by John Haiman, John Benjamins Publishing Company, Philadelphia.

- Haiman, John (1985), **Iconicity in Syntax-Volume 6**, John Benjamins Publishing.

- Hampe, Beate and Doris Schonefeld (2003), **Creative Syntax: Iconic Principles within the Symbolic**, in book: From Sign to Signing. Iconicity in language and literature 3 (Pp.243-241), John Benjamins Publishing Company.

- Rohdenburg, Günter (2002), **Aspects of grammatical iconicity in English**, in book: From Sign to Signing Iconicity in language and literature 3, Edited by Wolfgang G. Müller and Olga Fischer, John Benjamins Publishing Company, Philadelphia, USA.

## Journal

- Diessel, Holger (2005), **Competing motivations for the ordering of main and adverbial clauses**, Journal: Linguistics, Vol 43, No 3.

- Diessel, Holger (2008), **Iconicity of sequence: A corpus-based analysis of the positioning of temporal adverbial clauses in English**, journal: Cognitive Linguistics, Vol 19, No 3.

- Giardino, Valeria and Gabriel Greenberg (2015), **Introduction: Varieties of Iconicity**, Journal: Springer; Review of Philosophy and Psychology, No 6.

- Haspelmath, Martin (2008), **Frequency vs. iconicity in explaining grammatical asymmetries**, Journal: Cognitive Linguistics, No 19, Published: Walter de Gruyter.

- Haiman, John (1980), **The Iconicity of Grammar: Isomorphism and Motivation**, Journal: Language, Vol. 56, No. 3, Pp. 515-540, Published by: Linguistic Society of America.

- Haiman, John (2010), **Iconic and Economic Motivation**, Published by: Linguistic Society of America, Vol. 59, No. 4, Pp. 781-819.

- Marcus, Solomon and Andreea Calude (2010), **Syntactic iconicity within and beyond its accepted principles**, Revue Roumaine de Linguistique, Vol 4, No 1.

**ملخص:**

هذه الدراسة هي محاولة لتأسيس ترتيب الجملة التابعة الظرفية في اللغة الكوردية، وتحديد المكان الرئيسي لهذا النوع من الجملة التابعة من خلال الاستفادة من (عامل الأيقونية) من وجهة نظر الوظيفي- التايبولوجية التي تسبق أو تتابع الجملة الرئيسي.

الجملة التابعة الظرفية هي الجمل الفرعية، والتي تظهر في جمل معقدة وتصف جزءا من الجملة الرئيسية أو الجملة الرئيسية بأكملها. ينقسم هذا النوع من الجملة التابعة في اللغة الكوردية إلى عدة أنواع، مثل الجملة التابعة الظرفية (الوقت، المكان، السببية، الشرطية، الغرض، النتيجة، القياس، والعكس)، والتي يمكن أن يسبقها ويتبعها جملة رئيسية. من أجل تحديد الموقع الرئيسي لأنواع الجملة التابعة الظرفية من وجهة نظر الوظيفي- التايبولوجية، تم أخذ عدد من العوامل في الاعتبار، وهو أحد العوامل (عامل الايقونية). وفقا لوجهات النظر (ديزل: ٢٠٠٥، ٢٠٠٨، ٢٠١١) يلعب عامل الأيقونة دورا مهما في ترتيب وتحديد أنواع معينة من الجملة التابعة الظرفية مثل الجملة التابعة (الوقت، المكان، الشرط، الغرض والنتيجة).

عامل الأيقونة هو ترتيب الأحداث خارج اللغة، والتي يجب أن تكون بالمثل مرتبة داخل اللغة. بمعنى كيف يحدث الحدث خارج اللغة، يجب أن ينعكس في اللغة بنفس الطريقة. إذا حدث حدث الجملة التابعة ظرفية قبل حدث الجملة الرئيسية خارج اللغة، فيجب أن يكون انعكاسا بنفس الطريقة داخل اللغة. وهذا يعني أن الجملة التابعة الظرفية يسبق الجملة الرئيسية.

أولا، نحاول مناقشة المفهوم والتعريف وأنواع الأيقونات، ثم نناقش دور عامل هذا في ترتيب أنواع الجملة التابعة الظرفية في اللغة الكوردية.

**Abstract**

This study is an attempt to establish the order of the adverbial clause in the Kurdish language, and to identify the main place of this kind of clause by taking advantage of (iconicity factor) from the functional-typological point of view, which precedes or followers the main clause.

Adverbial clauses are the sub-sentences, which appear in complex sentences and describe a part of the main clause or the whole main clause. This type of clause in the Kurdish language is divided into several types, such as adverbial clauses (time, place, causal, conditional, purpose, result, measure, and vice versa), which can be preceded and followed by main clause. In order to determine the main location of the types of adverbial clause from a functional-typological point of view, a number of factors have been taken into account, which is one of the factors (the iconicity factor). According to viewpoints (Diessel: 2005, 2008, 2011) the iconicity factors an important role in ordering and identifying certain types of adverbial clause such as clauses (time, place, conditional, purpose and result).

The iconicity factor is the order of events outside the language, which must similarly be order within the language. That is, how the event occurs outside the language, it must be reflected in the language in the same way. If an adverbial clause event occurs before main clause outside the language, it must be reflection the same way inside the language. That is to say, the adverbial clause precedes of the main clause.

First, we try to discuss the concept, definition, and types of iconicity, and then discuss the role of this doing factor in the ranking of the types of adverbial clause in the Kurdish language.